# ئەنفالو ماناکانی



مامۆستا: نەوزاد حسێن

(کاتێ ئەم بابەتە ئەخوێنیتەوە ماناو ئامانجی پرۆسەی ئەنفالت زیاتر بۆ ڕوون ئەکاتەوە)

ئەنفال پرۆسەیەکی سەربازی بوو کە عەرەبو بەعسیەکان دژی نەتەوەی کورد ئەنجامیان داو خۆیان پێ گەیاندە لوتکەی دڕندایەتیو نامرۆڤایەتی لەپێناو سڕینەوەی سەرجەم کلتورە نەتەوایەتی، مێژوویی، ڕۆشنبیری، ئەخلاقیو بەهامرۆڤایەتیەکانی ئەو نەتەوەیە، ئینجا مەجبور کردنو مل پێ کەچ کردنی پاشماوەکانیان لەژێر پەروەردەو عەقڵی ناسیونالیستی عەرەبیو ئیسلامی لەزیندانو ئۆردوگاکان.. بۆ ئەو مەبەستەش لە ١٩٨٧/٤/٢٩ دیکتاتۆرەکەی بەغدا ئیمزای کرد لەسەر بڕیاری ژمارە (١٢٠)ی (مجلس قیادە پورە) کە تیایدا (عەلی حەسەن مەجید) ی کرد بە بەرپرسی یەکەمی نوسینگەی باکوری عێراقی حزبی بەعسو ئەویش دوای خۆ ئامادەکردنو دۆزینەوەی هەندێ بەهانەی بێ بنەما بڕیاریدا کە (هەشت شاڵاوی) یەك لەدوای یەك کورد لەناوبدات. یەکەم شاڵاوی لە ١٩٨٨/٢/٣ دەستی پێکردو لە ٩/٦/ هەمان ساڵدا هەموو شاڵاوەکانی تەواو کرد. ستراتیژی بەعسو ناسیونالیزمی عەرەبی مۆدرێرنیزم مەبەستی تایبەتیان هەبوو لەناونانی ئەو پرۆسەیە بە (ئەنفال)و هەندێ زاراوەی عەرەبیو ئیسلامی.

ئەوکات گەرمەی شەڕی عێراق، ئێران بوو، عێراقیش بەرامبەر ئێرانی تازە ئیسلامو کۆنە دوژمنی عەرەب لەشکستدا بوو، بۆیە زۆر پێویستی بەو ناوانە هەبوو، لەلایەك بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی جیهانو دانانی خۆی بە خاوەنی ئیسلام، لەلایەکی دیکەشەوە لەژێر فشاری هەندێ دەزگای جاسووسی دەولی کاری دەکرد، بۆ ناوزڕانی ئیسلام.

## جینۆساید و ئەنفال

سەرچاوەی ووشەی ئەنفال لە (نفل) وە هاتووە، کە چەند مانایەکی هەیە، نفل بەمانای زیادە، نفل بەمانای دەست کەوتو غەنیمە لەشەڕ، نفل بەمانای نەفی کردنو ئینکارکردن، ئینجا بۆ هەرکامێك لەو مانایانە ووشەی (ئەنفال) یان بەکارهێنابێ دژی کورد ئەوە دڕندەترین بڕیار بووە، چونکە ئەگەر بە مانای (زیادە) بەکاریان هێنابێ ئەوە مانای ئەوەیە کورد لەسەر ئەم زەویەدا زیادەویەو بێ بەشبێت. دروست بوونەکەشی هەر زیادە بۆیە ئەبێ ئەم زیادانە لەناو ببرێن لەپرۆسەیەکی عەرەبی ئیسلامیدا. ئەگەر بەمانای (غەنیمە) بەکاریان هێنابێ ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤی کورد نابێ وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتو ئەبێ حسابی کەرەسەو شتومەکی بۆبکرێت، چونکە غەنیمە تەنها بریتییە لەو کەرەسەو شتومەکانەی کە لەجەنگدا ئەگیرێن، مانای یەکەمو دووەم پێکەوە ئەوە دەگەیەنن کە کورد کەرەسەیەکی زیادەو بێ نرخە ئەبێ بخرێتە چاڵەوە، هەر بۆیە بڕیاری زیندەبەچاڵ کردنو دروست کردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان بۆدا. ئەم مانایە لەگەڵ مانای ووشەی (جینۆساید)ی نوێدا یەك ئەگرنەوەو تاوانێکی زۆر گەورەو مەزنیشە، بەڵام ڕژێمی بەعس کاتێ ئەو پرۆسەیەی ئەنجامدا دەوڵەتە عەرەبیو ئیسلامییەکانی وا تێگەیاندبوو کە ئەم پرۆسە سەربازییە (غەزایە) دژی کۆمەڵێ هەڵگەڕاوە (مرتد) لەئیسلام بۆیە هیچ تاوانێکی تیانییە تا بەراوردبکرێ لەگەڵ ووشەی جینۆساید. کەواتە بەڕای ئەو عەرەبو ئیسلامانەی کە بەزمانو بەکردەوە هاوکاری سەدامیان کردو بەڕای ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرو موفتیانەش کە لەگوێی گا نووستبوون ئەوە کارێکی خێرە نەك تاوان.. خۆ ئەگەر (نفل) وەکو مانای سێیەمیش لێك بدرێتەوە ئەوە ئەسڵەن ئینکاری کردنە لەبوونی ئینسانەکە، مادام دروستیش کراوە ئەبێ ئینکارو (نەفی) بکرێت ئەمەیان نەك هەر تاوانە، بەڵکو کوفرێکی گەورەشە بەرامبەر دەسەڵاتی خودا.. کەواتە ئەی بۆچی لەکاتی خۆیدا ئەم (ئەنفالە) بەو ماناپڕ لەترسناکەوە قبوڵ کراو کەس لێی بەوەڵام نەهات بەتاوان دانەنرا؟.

لەڕاستیدا پرۆسەی ئەنفالکردنی کورد و حسابکردنی ئینسانی کورد بەشتومەك تاوانێکی زۆر گەورەو حاشاهەڵنەگرو عەیبێکی بێ وێنەش بوو کە تۆمارکرا، لەناوچەوانی ڕۆشنبیرو دەم سپیەکانی عەرەبو ئیسلام، بەتایبەتی ئەوان دەزانن کە گەلی کورد هەر لەزەمانی خەلیفە (عمر)ی کوڕی خەتابەوە بەخوایشت بێ یان بەزۆر بوونە بەئیسلام...

پیاوێکی خەڵکی ناوچەی قادر کەرەم گێڕایەوە: کە کۆمەڵ کرابووینو بەسەرباز دەوردرابووین، چاوەڕێی زیلمان دەکرد بارمان بکەن، کاتی نوێژی ئێوارە بوو داوام لەسەربازێك کرد مەجالم بدات دەست نوێژێ بگرمو نوێژ بکەم، سەربازەکە سەری سوڕما کە من موسڵمانبم، دوای هەندێ قسەکردن لەگەڵ یەکتردا سەربازەکە دەستی کرد بەگریان ووتی: ئێمەیان لەووڵاتی (یەمەن) ەوە هێناوە گوایە ئێوە (مورتەدن) و ئیعلانی شەڕتان کردووە دژی ئیسلام، با تاریك دابێ خۆت ڕزگار دەکەم، بەڵام ناتوانم کەسی دیکەت لەگەڵدا ڕزگاربکەم.

ئەوە چ خیانەتێك بوو بەرامبەر خودا؟. چ بێ ویژدانییەك بوو بەرامبەر مرۆڤایەتی؟. ئەی بۆچی ئەوان ئاگایان لەزۆربەی نهێنییە ووردو درشتەکانی ژیانی عەرەبو ئیسلامو حزبو کارە جاسوسیو مخابەراتیەکان هەبوو، بەڵام ئاگاداری ئەو تاوانە گەورەو ئابڕو چوونە نەبوون؟. نەك تەنها ڕەخنەیەکیان لەبەعس نەگرت، بەڵکو هاوکاریشیان کرد.

## فاکتەرەکانی پشت پرۆسەکە

هەموو کردەوەو پرۆسەیەك پێشتر زەمینە خۆش کردنو جێ کردنەوەیەکی ئەوێت تا لەکاتی پێویستدا خەڵکێك پشتیوانی لەئەنجام دەرانی ئەو کارەبکات. حزبی بەعس هەر لەبنەڕەتو دامەزراندنییەوە ڕەچاوی ئەوەی کردووە کە چۆن هاوسۆزو پشتیوانی بۆخۆی دروست بکات، تا بگاتە پۆپەی دەسەڵاتو بەرنامەکانی جێبەجێ بکات. ئەو ووردەکاریو تاکتیکە بۆی بوو بەخێرو بەرەکەوت کۆمەڵێ فاکتەری بەهێزی بۆ بوو بەپشتیوان لەپرۆسەی ئەنفالدا لەوانە:

١- مۆدێرنە (حداپە). خۆ گونجای بەعس لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا بەهۆی سامانی نەوتی لەبن نەهاتووی عێراق وای کرد کە هەزاران پیاوی سیاسی، ڕۆژنامەنووس، نووسەرو ئەدیب، هونەرمەند، ئابووری ناس، عەقڵو زانیارییەکانی خۆیان بفرۆشن بە بەعسو فێری ژیانی نوێیان بکەن، ئەو تێکەڵابوونە کاریگەری لەفیکری جیهانی کردو زاڵ بوو بەسەر سەرجەم ئەو دەنگە کزو لەرزۆکانەی کە لێرەو لەوێ دژی بەعس نوزەیان دەهات. ووشەی (بەعس) واتە ژیانەوە، ووشەیەکی نوێیەو ئیلهام دەدا بەنووسەرو ئەدیبە لایەنگرەکانیان، (عەرەبی) ووشەیەکی ناسیونالیزمیو سیمایەکی ڕەگەزپەستی ڕووتی پێوەدیارە، وەك نەتەوە پەرستەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپا کە بەنەتەوەکانی دیکەیان دەوت ڕاستە ئەمانە لەووڵاتی ئێمەدا دەژین، بەڵام لەئێمەنینو کلتوریان لەئێمە جیاوازە بۆیە هەرکات بمانەوێ دەریان دەکەین. (سۆشیالیستی) زاراوەیەکی مۆدێرنی سەدەی بیستەم بوو بەتایبەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەڵبژاردنی ئەوسێ ووشەیە بۆ ناونانی حزبەکەیان زۆر زیرەکانەبوو وە توانیان جیهانی پێ چەواشەبکەن. ٢ (ئایین) مێژووی ئەزموونە کۆمەڵایەتیوسیاسیو حیزبیەکانی سەرجەم گەلانی جیهان سەلماندوویەتی کاتێ ڕەگەزپەرستیو نەتەوەپەرستی ئەگا بە پۆپەی دەسەڵاتی خۆی بەخشکەیی بەرەو دین دەگۆڕێت. واتە ئایینێك کە دەسەڵاتداران هەڵی دەبژێرن دەیکەن بە ڕەمز بۆ دەسەڵاتەکەیانو سەدان فتواو شەرع دروست دەکەن بۆ داپۆشینی کارە ناڕەواکانیان. نەك هەرخۆیان بەخاوەنی سەرجەم شتە پیرۆزەکان دەزانن، بەڵکو هەرچی شتی ناشیرینو ناڕەواش هەیە دەیدەنە پاڵ نەتەوەکەی بەرامبەریان، ئەوکاتە یاسای (البقاو للاصلح) جێبەجێ دەکەنو بەناوی ئایینەوە بەرامبەرەکەی لەناو دەدات.

٣- دەوڵەتی نوێو مامەڵە نێو دەوڵەتیەکان. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەسەلات بەشێوەیەکی ئیمپراتۆریانە لەئەوروپا بەڕێو دەبرا، مەسیحیەتیش تەواو پاڵپشتی ئەو دیکتاتۆریەتو چەوسانەوەیە بوو، بەڵام کاتێ تەکنۆلۆجیا گەشەی کردو شۆرشی پیشەسازی دروست بوو ئەوروپا وەرچەرخانو پێش کەوتنێکی زۆر گەورەی بەخۆوە بینی لەڕووی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو ئابووری.. هتد دەوڵەتە نوێیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دیکتاتۆرە تازەکان چاویان لەو ئیمپراتۆرانە کرد، بۆ بەڕێوەبردنی ووڵات، بەو هیوایەی بەبێ شۆرشی ئەمان خۆیان بتوانن هەردوو لایەنەکە جێبەجێ بکەن، لەلایەك سەرکوتی گەلەکانیان بکەنو هەموویان فێری (وەلاء) بکەن بۆ سەرۆك لەلایەکی دیکەوە هەر خۆیان گەشە بەژیانی خەڵكو پێش کەوتنی تەکنۆلۆجیا بدەنو بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێت. بۆ ئەم مەبەستە دەیان پرۆتۆکۆڵی مخابەراتیو سەربازیو ئابوورییان لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکاندا مۆر دەکرد تیایدا مەرجی ئەوەیان باس دەکرد کە لەئاستی کردەوەکانی ئەمان چاوی خۆیان بنوقێننو گوێی خۆیان بئاخننو زمانیان بە خێر بگێڕن، سەرجەم مەسەلەکانی مافی مرۆڤو گەلان لەژێر پێڵاوەکانیان دابنێن. ئەوەتا لەگۆڤارێکی وەکو (پراڤ)دا لەکاتی ئەنفالەکاندا چەندەها پیرۆزباییو پشتیوانی لەعێراق کراوە، لەلایەن عەرەبو ئەمریکیەکانو سۆڤیتەکان. تاریق عەزیز ئەوکاتە ووتی ئێمە لەجیاتی رۆڵەکانی ئەوروپاو ئەمریکا شەرێکی گەورەمان کرد.

٤- یارمەتی ناردنو هاوکاریکردنی عێراق لەلایەن (دەوڵەتە عەرەبیەکان) وە فاکتەرێکی دیکەی گرینگ بوو بۆ پشتیوانی کردنو سەرخستنی پرۆسەی ئەنفال، هەندێکیان بەوجودی سەربازیو چەكو تەقەمەنیو هەندێکیشیان لەرێگای کەناڵە ئیعلامیو رۆژنامەو گۆڤارەکانیانەوە (سەدام) یان بەرەمزی عەرەبو (نبی العرب) دادەناو لەهەمووشیان گرنگتر خەرجکردنی ئەو پارەو سامانە بێ شومارەی وردە دەوڵەتەکانی کەنداو بوو بۆ عێراق، بە حیسابی ئەوەی عێراق پارێزەری دەروازەی رۆژهەڵاتی نیشتیمانی عەرەبە لەهێرشی فارسە ڕەگەزپەرستەکان دەیانپارێزێ بۆیە بەعسیش ئەوەی بەفرسەت زانیو پرۆسەی ئەنفالی یەکسەر لەگەڵ کۆتاییەکانی شەری ئێراندا پێکەوە لکاندو هەر لەگەڵ مەراسیمی ئیمزاکردنی کۆتایی ئەو شەرە نەگریسەدا مەسەلەی ئەنفالەکانیش بە (عفو) یەك کە چەند پیرو پەککەوتەو نەخۆشێکی گرتەوە کۆتایی هات..

## ئەوەی پێویستە بکرێ

١- ئەگەر سەیری دۆسیەی ئەرمینیەکانو تورکەکان یان دۆسیەی یەهودیو هیتلەریەکان بکەینو گوێ لەهەوڵ تێکۆشانی ئەرمەنو یەهودیەکان بگرین لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە ئەوان چ کارتێکی بەهێز بەدەستیانەوەیە چ سوودێکی لێ دەبینن. بۆیە دەبێ کوردیش هەمیشە ئەو مەسەلەیە بەزیندووی بهێڵێتەوە ساڵانە یادی تایبەتو گرنگی بکاتەوەو کەناڵی راگەیاندنی جیهانیش دەعوەت بکات بۆیادەکان.

٢- ناساندنو ساخکردنەوەی کارەساتەکە وەکو جینۆسایدێکی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتیو هەوڵدان بۆ بەیاساکردنی مەسەلە وەکو چۆن ئەو رووداوە بچووکەی (دجیل) کراوە بەیاسایی.

٣- گرنگیدان بەخەڵکانو پاشماوەکانی ئەنفالو دڵنەوایی کردنو خزمەتکردنیانو دابینکردنی خزمەتگوزاریو پێداویستیەکانی ژیان بۆیان، هەرچەندە هەرێمی سلێمانی شتێکی کردووە لەرووی مووچەو زەوی پێیدانیان، بەڵام خەڵکێکی زۆریشی تیاخزاوە کە ئەسڵەن شمولیان ناکاتو خەڵکیش هەیە نانی هەزاران پێشمەرگەی داوە ئێستا خۆی نان نیە بیخوات.

٤- فێرکردنی کەسوکاری ئەنفال کە خۆیان بەدوور بگرن لەعەقلیەتی خراپو ئاژاوەگێڕی، بەپێچەوانەوە فێری نیشتیمان پەروەریو دڵسۆزی بکرێن فێربکرێن کە کەس ئیستیقلالیان نەکات بۆ مەبەستی تایبەت، چونکە ئەوانە هەوێنی شۆرشگێریو دڵسۆزی ئەم گەلەنو ئەگەر وەکو پێویستیش بخرێنە گەڕ تواناو تاقەتێکی باشیان تیایە لەئاوەدانکردنەوەی وڵات.

# ئایدز هەڕەشەی سەردەمە نەهێڵن بگاتە کوردستان

هێمن سەربەست




بەپێی راپۆرتی ساڵانەی رێکخراوی لەشساغی جیهان: (ئەمڕۆ ٤٤ ملیۆن کەس نەخۆشی ئایدزیان هەیە). ئەو نەخۆشانە هیواو ئومێدیان بەژیان نەماوەو دەزانن هیچ جۆرە دەرمانێك بۆ چارەسەری ئەوان نەدۆزراوەتەوە. ئەگەر هیواو ئومێدەکانیش لەمرۆڤ سەندرانەوە یان کۆتابوون، ئیدی خۆبەخۆ بەرەو مەرگو مردن شۆڕدەبێتەوە. ئەو ٤٤ ملیۆن مرۆڤە لەچاوەڕوانی مەرگی خۆیاندان، بەڵام دیسانەوە گلەییو گازاندەی زۆر لەحکومەتەکانو ناوەندەکانی پزیشکی جیهان دەکەنو دەپرسن: (بۆچی نەیانتوانیوە دەرمانی پێویست بدۆزنەوەو لەچاوەڕوانی دەربازیان بکەن). هەندێك لەو نەخۆشانە پێیان باشترە لەنەخۆشخانەکاندا بە دەرزی مەرگیان لێوەربگیرێتەوە نەوەك رۆژانە چاوەڕوانی مەرگی پڕ ئازاریان بکەن. زانایان دەڵێن: (ساڵانە دوو ملیۆن منداڵ کە ڤایرۆسی ئایدزیان لەگەڵدایە لەدایك دەبنو دێنە ژیانەوە)، بەمەش ئەو منداڵانە هەر لەدەستپێکی ژیانیانەوە دووچاری هەڕەشەی مردن دەبنەوە. ئەو مرۆڤە بچوکانە بێتاوانو هیچ کردەوەیەکی سێکسیان نەکردووە کەچی ئایدز لوولیان دەداتو بەرەو گۆڕیان شۆڕدەکاتەوە.

بیست ساڵ زیاترە ئایدز ئاشکرابووەو خەڵك هەست بەمەترسیەکانی دەکەن، حکومەتەکان هەوڵی بێوچان بۆ رێگری دەدەن، توانای ئابووریو زانستی تەرخان دەکەن، بەڵام نەوەك هەر بنبڕ نەکراوە بەڵکو دەرمانێکی ئومێدبەخشیش نەدۆزراوەتەوە، رۆژانەش لەزیاد بوونو تەشەنەکردن دایە.

هۆکاری پەیدابوونو سەرهەڵدانی ئایدز بۆ زۆر چیرۆکی ناراست دەگێڕدرێتەوە. هەندێك پێیانوایە لەجووتبوونی نێوان مرۆڤو مەیموون پەیدابووەو دەڵێن: (مرۆڤی کیشوەری ئەفریقا کردەوەی سێکسی لەگەڵ مەیموون کردووەو ئەمەی لێبەرهەم هاتووە). هەندێکی دیکە بەغەزەبی خوداوەندی دادەنێن. هەرچۆنێ بێت پەیدابوونی ڤایرۆسی نەخۆشی ئایدز سەرچاوەی لەو چیرۆکە خەیاڵیانە نەگرتووە. ئەگەرچی راستە بۆ یەکەمین جار ئەو نەخۆشیە لەکیشوەری ئەفریقاوە دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەگەر وابوایە ئێستا هەزاران مەیموون دووچاری ئەو نەخۆشیە دەبوون، دەبووایە ئەو نەخۆشیە لەنێومەیموونەکانیشدا تەشەنەی بکردبایەو بەرێژەیەکی بەرچاو پەرەی بسەندبایە. هەندێك کەس پێیانوایە یەکەمین جار ئەو ڤایرۆسە لەئاکامی تاقیکردنەوەیەکی زانستی تاقیگەیەکی کیمیایی وڵاتی ئەمریکادا وەبەرهەم هاتووە، چەند مادەیەکی کیمیاوی کارلێکیان کردووە، دواتر بەسەر زیندەوەراندا ڕژێندراون، لەئاکامدا ئەو ڤایرۆسە دروست بووەو ئەو مەرگەساتەی ناوەتەوە. هەندێکی دیکە ئەو بیرۆکەیە رەت دەکەنەوەو بە کارێکی سروشتی دەزاننو پێیانوایە گۆڕانکاریەکانی ئاووهەواو بڵاوبوونەوەی ماددە ژەهراویەکان ئەو ڤایرۆسەی خولقاندووە. هەرچۆنێ بێت ئێستا ئایدز هەڕەشەیەکی لەسەر پێیە، ئەگەرچی دەرکەوتووە کە ئەو ڤایرۆسە تەنیا لەئاکامی جووتبوونو سێکسدا دەگوازرێتەوە، سێکسیش لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا ئازادو بەربڵاوترە، ئیدی زۆرتر خەڵکانی ئەو وڵاتانە دووچاری دەبنو بەشێوەیەکی فراوانتر لەنێو ئەواندا تەشەنە دەکاتو پەرە دەسێنێت. ئەمڕۆ ئایدز نەك هەر تەنیا ٤٤ ملیۆن مرۆڤی لەسەر لێواری مەرگ راگرتووە بەڵکو هێزێکی ترسناکەو هەڕەشەی مەرگو نەمان لەتەواوی مرۆڤایەتیدا دەکات، بۆ هەموو گۆشەکانی جیهان هەڵپە دەکاتو سوپای خۆی وەڕێ دەکات.

خۆشبەختانە تا ئێستا ئایدز نەگەیشتۆتە کوردستان، هەروەها بەشێوەیەکی دەگمەنیش هاتۆتە رۆژهەڵاتی ناڤینەوە، بەڵام دیسانەوە واتای ئەوە نیە کە دەستەڵاتدارانی کوردستانو ناوەندەکانی لەشساغی بێخەم لێی رابکشێنو پشتی خۆیان بکەنەوەو هەوڵی رێگری کردنو خۆ پاراستن نەدەن. ئەمڕۆ بەهۆی بوونی رەوەندێکی گەورەی کورد لەهەندەرانو هاتووچۆکردنیان بۆکوردستان لەوانەیە زۆر بەئاسانی ئایدزیش بێتە نیشتیمانەکەمانەوە، هەروەها ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر خەڵکی وڵاتانی بیانی لەرێگەی کاری جۆراوجۆرەوە دێنە کوردستان، هەزاران سەربازی کۆریو ئەمریکی، سەدان کەسی ئەوروپیو ئەفریقی لەنێو کوردستان دان ئەمەش کارئاسانی زیاتر بۆ هاتنی ڤایرۆسی ئایدز دەکات، باشتر وایە هەموو دەروازەکانی سنوورو فرگەکانی بەشی تاقیکردنەوەی خوێ، بۆ میوانانو ئەو کەسانە بکرێتەوەو کە دێنە کوردستانەوە، باشتر وایە کەسیش بە بیانوی جۆراوجۆرەوە نەبواردرێ. ماوەیەك لەمەوبەر هەندێ سەرچاوەی هەواڵ ئاماژەیان بەوەدا کە دەزگای سیخوڕیو هەواڵگرنی وڵاتانی ناحەز بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایدز لەکوردستان کەسانی تووشبوو بەو ڤایرۆسە، بەتایبەتیش ژنان رەوانەی کوردستان دەکەن. لاوانی کوردستانیش تامەزرۆی سێکسن، بەکەمی بیر لەئافاتی ئایدز دەکەنەوە، لەوانەیە زۆر بەئاسانی بەرەو جیهانی سێکسفرۆشان بڕۆنو لەدوای تووشبووان بکەون.

دەبێ ئێمەی کوردستانی بزانین کە وڵاتانی پێشکەوتووی وەك ئەمریکاو ئەوروپا نەیانتوانیووە چارەسەری ئەو نەخۆشانە بکەن کە ڤایرۆسی ئایدزیان هەڵگرتووە، جا ئەگەر ئەو ڤایرۆسە بگاتە وڵاتەکەمانەوە، ئێمە چۆن دەتوانین چارەسەری نەخۆشەکانمان بکەین!!، ئەوکاتە ئایدز دەبێتە پەتای مەرگو کوردستانیان بەرەو نەمانو سڕینەوە دەبات. لەلایەکی دیکەوە هەندێ رێکخراوی مرۆڤ دۆستیو مافەکانی مرۆڤو خێرخوازی پێیانوایە ئەگەر هێزێکی تێکدەرو شەڕانی لەپشت ڤایرۆسی ئایدزەوە نەبێت، ئاوا بەخێرایی تەشەنە ناکاتو ناتوانێ ٤٤ ملیۆن مرۆڤ گیرۆدە بکات. ئەوان پێیانوایە هۆکاری سەرەکی دروستکردنو بڵاوکردنەوەی ئەو ڤایرۆسە بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانو سڕینەوەی مرۆڤی ناحەز پەرەی گرتووە، ئێمەی کوردستانیش چەندین دوژمنی سەرسەختو دڕندەمان هەیە، دەبێ زۆر بەوردی خۆمان بپارێزینو رێگە نەدەین کە لەنێو لاوەکانماندا بڵاوببێتەوە.